ئەندامێکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هێرش دەکاتە سەر پرۆژەی هەژماری من

یوسف کیلابی، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ڕایگەیاند، میوانداریکردنی بەڕێوەبەرانی بانکە حکومییەکانی عێراق کرا سەبارەت بە پرسەی گواستنەوەی مووچەخۆرای هەرێمی کوردستان بۆ سەر بەغدا.

یوسف کیلابی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئێکس ڕاشیگەیاندووە، دەمانەوێت بە کورتی ئاماژە بەم خاڵانەی خوارەوە بکەین.. هەر ڕێککەوتنێک لە دەرەوەی بانکەکانی حکومەتی فیدراڵی ڕێککەوتنێکی نافەرمییە و نابێتە هۆی وەرگرتنی مووچەکەت و مەبەستم لێرەدا پرۆژەی (هەژماری من)ـە، هەروەها بانکەکانی حکومەتی فیدڕاڵی ئامادەن بۆ تەواوکردنی گواستنەوەی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان و دواکەوتنی ئەم هەنگاوە بەهۆی حکومەتی هەرێمی کوردستانە.